# چەند پرس و یێك ئەنجام

ئایا گەلی کورد ئاگاداره که (وابەستەگی فکری هەیە نه نوسراو) له بەینی سەرکردەکانی عەشائری کلاسیکی کورد و ئەکتەرەکانی دەرەکی ، ئەو پەیوەندیە خزمەتی بەرزەوەندی تایبەتی خوویانه ویی ئەکتەره بێگانەکان.

ئێستا هەمویان خەریکی هەڵپەرکینەکی هاوبەشن: پارتی – یێکەتی – گوران ئیسلامیەکان ..هتد . بوو دابەشدکردنی سەروەت وسامانی گەلی کورد، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوه حکومەت ساز کەن لەبەر پێکنەهاتنیان له سەر دابەشکردنی پوست ودولار .

ئایا کاتی ئەوه نەهاتووه گەلی کورد خووی رزگار کا له زیندانی ئەم عەقلییەتەی سەرکردەی گەندەلی ئێستا؟ که له کونەوه فیری جاشەتی بوونه. کومەلگای کورد چی پێویسته بوو ئەوەی لەم حالەته رزگار بی؟ ئایا ئەم پارتانه که له کوردستان دەسەلاتدارن ئەتوانن بن به فریاد رەس بوو گەلی کوردستان ؟ پاش ئەو هەموو کارەسات و گەندەلی له دەستیان بینیمان ؟ یێکەك له هەره تایبەت مەندەکانی ئەم دەسەلاته ئەوەیه هیچ تێرنابن له دزی. ولەلایان ، نه جاسوسی شەرمه و نه دزی.

پاش چابکردنی کتێبه کانی ئەیوب بارزانی ، به تایبەتی ( بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد و ململانێی هێزه هەرێمی ونێو دەولەتی 1958 – 1975 ) ئاشکرایه تا چ رادەیەك ئەم دەسەلأته نقووم بووه له دزی وفێلّ کردن له گەلی کورد وچوون خزمەتی بێگانەی داگیر کەریان کردووه .

ئایا بارزانیەکان ئاگاداری خیانەتی سەرکردەکانیانن ، چوون قوربانی بارزانیەکان له قوشتەپه به کاردینن بوو بەرزەوەندی خوویان و بوو ئەوەی خوویان پیّ گەورەکەن . هەر له سالەکانی حەفتا تا قوشتەپه تا ئەنفال بەرپرسن لەم کارەساتانه که خویان ئەدزنەوه، و چوون به ناوی بارزانیەکان کار دەکەن ، بەلام به دوزمنکاری شاردراوەیی؟

له ناوچەی بادینان، جاشه کونەکان ، جاسوسەکانی بەعس ، وموستەشارەکان سەدام حوسەین ، زیاتر رێز ودەسەلاتیان هەیەئێستا که له سەردەمی سەدام حوسەین یان هەبوو.

گەلی کورد ناتوانی رزگاری و سەربەخویی به دەستبینیّ تا خوی لەم سەرکردانه رزگار نەکا.

کاروان . س . هەولێر